ئێران هێرشی کردە سەر چوار پارتی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان

ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە ،سوپای پاسدارانی ئێران لە ڕێگەی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرشی کردە سەر چوار بارەگا و کامپی پارتە بەرهەڵستکارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان.

بەپێی زانیارییەکان، کاتژمێر حەوت و ٣٠ خولەک تا هەشت و ١٠ خولەکی ئێوارە، مووشەک و فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی خەکوژ بەر بارەگای پارتەکانی کەمەند لە گوندی زێگوزێنی سەر بە شارەدێی تانجەرۆ لە پارێزگای سلێمانی کەوتوون، لە ئەنجامی ئەم هێرشدا تەنها یەک بریندار هەبووە، بەڵام زیانی ماددی بەر باڵەخانەکان گەیشتووە.

هەروەها فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کە ئاراستەی کامپی "زەویە سپیە"ی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرابوو، پێش پێکانی ئامانجەکەی تەقەندرایەوە، ژمارەیەک مووشەکیش کە ئاراستەی بارەگای پارتی ئازادیی کوردستان "پاک" لە شارەدێی پردە کرابوون، خرانە خوارەوە و نەیانتوانی ئامانجەکانیان بپێکن.